بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و داروودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.

هەردی مەهدی میکە:

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە تا بتوانین ئەبێت هەوڵبدەین بێلایەنی بپارێزین بەتایبەت لە هەردوو تەوژمی ناسیۆنالیستی کوردی و ئیسلامی سیاسی، کە زۆرجار هەڵەمان پێدەکەن لە بیرکردنەوەماندا و لە ناساندنی چەمك و زاراوەکاندا و لاشماندەدەن لە بیرکردنەوەیەکی مەنهەجیانەی دروست.**

**وردبوونەوە لە پرسیارەکەتان پێویستە زۆر بەدیققەتەوە بێت، هەروەك چۆن ئەنجامی دادگاییەکە و سەلماندنی بەڵگەکان لەسەر چ بەرهەنە و بەڵگەکاریەك دیققەتی دەوێت، چونکە ئەم ناونانە "دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق" زیاتر ناوەکەی لە روانگەی "ئەنجام"ی تاوانەکانەوە هاتووە کەلە عێراقدا رویانداوە، نەك لە هۆکاری ئەنجامدانی تاوانی ناو"عێراقی خوێن"، ئەم دوو خاڵە زۆر جیاوازن، لێرەدا سەرجەمی خوێن رژانەکانی ناوعێراق هۆکارەکانیان زۆر لێك جیاوازە تەنانەت هەندێکیان قوربانی دەستی خودی ناوی "عێراق"ن ، کەچی ناوی دادگاکە بەیەکسانی سەیری سەرجەمی عێراق دەکات. لەبەرئەوە بەڕای ئێمە لە سێ تێروانینەوە ئەبێت لێکی بدەینەوە :**

1– **سەیرکردنی جەلاد و قوربانی وەك "عێراقی" لە قەفەسی دادگادا:**

**گەر رازی بین ئێمە عێراقی بین و کۆکوژی و تاوانەکانی سەرانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر وەك تاوانێك بناسێنین کە کەسێکی عێراقی کردویەتی بەرامبەر هاوڵاتیەکی عێراقی ، ئەوکات هیچ گرفتێك نیە کە واژەی "دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق" چ وەك دەزگا و چ وەك زاراوە بەکاربێت. بەڵام لێرەدا گرفتێك دێتە پێش ، ئەوەیە هیچ جیاوازیەك نابێت لەنێوان سەرجەمی قوربانیەکان و خیانەتکاران و یاخیبوەکان و فەوزەویەکان ، هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان "حسین کاملی زاوای دیکتاتۆر و جەلادی پێشوو" لەگەڵ "182 هەزار قوربانی ئەنفال" و "عومەری خاوەر" هەموویان وەك قوربانی دەستی صەدام، لە کاتێکدا گەر دیققەت بدەین هۆکاری تیاچوونی هەریەکەیان جیاوازە، ئەبێت ئەوەش بڵێن ، کە بەعس تەنیا کوردی نەکردۆتە قوربانی بەڵکو ئەکرێ بڵێین ئەوەندەشی لە شیعە و تۆزێ کەمتر لە یاوەرە بەعسیەکانی خۆشی کردۆتە قوربانی.**

بەڵام بۆ هەریەك لەم قوربانیانەی دەستی بەعس فاكت و مەبنا و هۆكارێكی جیاواز هەیە ، راستە شیعە و سوننە و كورد و هەندێ لەبەعسیەكانیش تەنانەت  بەدەست سەدامەوە دەبونە قوربانی سیاسەت و روانینەكانی سەرۆكی دیكتاتۆر، راستە ئەنجامی هەموویان هەر "كوشتن"ە، بەڵام هۆكاری كوشتنەكە لێرەدا رۆڵ و گرنگی دەبێت،  ئەویش دۆزینەوەی هۆكاری كوشتنەكەیە كە ئەبێتە هۆی ئەوەی تاڕادەیەك  لە عەدالەتەوە نزیك بینەوە، ئەبێتە هۆی جیاوازی كردن لە نێوان "كوژران"ی بەعسیەك و سوننەیەكی عەرەب و شیعەیەك و كوردێكی قوربانی هەڵەبجە.. ئەوكات سزادانی جەللاد و مامەڵە كردن لەسەر تاوانەكەی لە جێگەی خۆیدا دەبێت، چونكە لەم مامەڵەیەدا جیاوازی (رەگەز و سنور و كۆمەڵایەتی و مێژوو) بۆ قوربانیەكان لەئاراداهەیە، كوردێك لەبەرئەوە كوژراوە كە لەعێراقدا مافی نیە و تەنانەت لەگەڵ یاساكاندا جەنگاوە كە ئەمڕۆ دادگاییی پێدەكەن، دژی خودی یاساكان جەنگاوە كە مافەكانی هەر لەبناغەوە دانپیانەنراوە لەو یاسایانەدا ، یاخود دەیەوێت جیابێتەوە، ئەم خواستانەی تاكی كورد جیاوازە لەعەرەبێك كە بەعسی بووە و خیانەتی لەپێڕەوی بەعس كردوە ،جیاوازیشە لەوكەسەی كە دزی كردوە لەدراوسێكەی،كەچی دەبینین بەم یاسایانە هەموومان یەكسان دەكەنەوە لەبەردەم دادگای باڵای تاوانەكانی عێراقێكدا كە زۆرێك لەوانەی لەناودادگاكەدان باوەڕیان بە "عێراق" نیە چما بە دادگاكەی، رێك وەك ئەوەوایە كە ئۆلمرتی سەرۆكی ئسیرائیل بە یاسای غەززەی حەماس دادگاییبكەیت، یاخود ئیسماعیل هەنیە بەیاسای ئیسرائیل بكەیتە قەفەسەوە ئەمەش لەهەردووباردا قوربانی تەنها تۆڵەدەكاتەوە نەك دادگاییی جەللاد بكرێت .

بۆیە گەر عێراقی بوون پێناسەی هەموومان بێت ئەوا دادگا گرفتێك نیە دەبێت رازی بین بەو دادگایە.

2- دادگاییكردن وەك پرۆسەیەك بۆ سەلماندنی كوردبوون "رەگەز و ناسنامە":

بەڵام گەر كورد بیەوێت لەرێگەی دادگاییكردنی صەدامەوە "كوردبوون" وەك لایەنی نەتەوایەتیو جیاوازی لەگەڵ عەرەب و رازی نەبوون بە عێراق ، ئەوا رێك سەدوهەشتا پلە ئەم دادگاییكردنە پێچەوانەی ئەم خواستەیە كە زۆرێك لە كوردەكان هەوڵی بۆدەدەن، چونكە لێرەدا زۆربەی قوربانیە كوردەكان بەو حوكمە بونەتە قوربانی كە "كورد"ن، لە ناوعێراقدا جێگەیان نەبۆتەوە ئێستە چۆن دەكرێ بیانكەینەوە ناوعێراق كە خۆیان لەپێناوی جیاوازیان لە عێراق قوربانیانداوە. گەر بەم جیهانبینیەوە بڕوانین ئەوا دەبێت ئەوپەڕی كاربكرێت بۆ راوەستاندنی ئەم دادگاییە، یاخود دادگاییتر بكرێت، چونكە وەك عێراقیەك كورد و صەدام وەستێنراون، لەوەش خراپتر بەیاسایەك حوكم دەدرێت كە خودی جەللاد دایناوە و قاندراوە بە موقەدەسكردنی "سنوری عێراق و هەیمەنەی دیكتاتۆریەت و نائازادی"، ئەمەش رێك بەرامبەر و پێچەوانەیە لەگەڵ خواستی زۆرێك لەقوربانیان. ئەسڵەن ئەگەری ئەوەش دێتەئاراوە كە كورد "هەڵگەڕاوەبێت" باوەڕبوون بە خودی یاساكان سەرەتای كێشەیە كە نابێت كورد قبوڵی بێت، چونكە بەعسیزم تەنها صەدام وەك كەسایەتی نیە، بەڵكو بەعسیزم یاساكانن ، بیركردنەوەی زۆرێك لەو تەوژمانەشە كە ئەمڕۆ بەناوی دیكەوە لەسەر گۆڕەپانەكەدا هەبن كە رەنگە هەندێكیشیان كوردبن.

لەبەرئەوە لەم حاڵەتەدا دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق لە جێگەی خۆیدا نابێت بۆ دادگاییكردنی جەللاد ، چ بۆ نەتەوەییەكان چ بۆئەوانەش كە لەسەر بنەمای تاوان دژ بەمرۆڤایەتی بیر لە تاوانەكانی صەدام دەكەنەوە وەك

هەرمرۆڤێکی جیهان، چونکە خودی یاساکان بەرتەسکن و رەنگە لە ئاست کەمترین ئازادی مرۆڤی کورددا نەبن، بۆ نمونە لە کوێ ئەتوانێ دادگاییی کەسێك بکەن کە داوای مافی چارەی خۆنوسین بکات لە عێراقدا یان داوای جیابونەوە بکات؟ ئایا بەپێی ئەو یاسایانە نابێتە خیانەتکار؟ .

3-رێگای سێیەم: دادگایەکی بێلایەن نەعێراقی نە کوردی، بۆ ناساندنێکی عادیلانەی تاوانی تاوانبار

لەبەرئەوە بەڕای ئێمە دەبێت پەنابرێتە بەر دادگای سێیەم ، نە دادگای کوردستان نە دادگای عێراق، بەڵکو دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان، چونکە گەر دادگای کوردستان بێت ئەوسا نابێە دادگایی ئەبێتە تۆڵەی قوربانی لە جەللاد و هیچی تر، گەر دادگای عێراقیش بێت ئەوا هەرگیز لە ئاست ئەو کارەساتە گەورانەدا نابێت وەك پێشتر لێی دواین، بۆیە لەم ئاستەدا مامەڵەکردن لەگەڵ صەدامدا باشترین حاڵەت دەبێت بۆ قوربانیەکان و بۆ سزادانی جەللاد و بۆ پەند وەرگرتن و بۆ سەرجەم مەرامەکانی پشت هەردادگاییکردنێکی دروستیشەوە.

چونکە هەم تاوانەکە دەناسرێت وەك جینۆساید و کوردیش ئەوکات لای رای گشتی جیهان دەزانرێ بۆچی قوربانی داوە؟ ، بەڵام لەمڕۆدا کە وەك عێراقی دادگاییدەکرێت، گەر کوردەکان لە ئەنفال و هەڵەبجەشدا قەزیەکە بەرنەوە ئەوا هەردۆڕاو دەبن، قوربانیەکانیش دووجار دۆڕاوتر چونکە بۆ کورد لەروانگەی دۆزە دوردرێژەکەیەوە ئەوکات هەموو جیهان وادەزانێت لەپێناوی عێراقدا خەباتی کردوە نەك ئازادی و موقەدەساتەکانی بەعس کە کراونەتە یاسا و دەبێتە دڵسۆزترین و چاکترین پاسەوانی عێراق. کە ئەمەش نەخوازراوە لای زۆرێك کوردەکان.

بۆ قوربانیەکانیش هەرگیز صەدام لەسەرئەوە دادگایینەکراوە کە ئەنجامیداوە بەرامبەریان بەڵکو لەسەر حاڵەتێك سزادەدرێت کەتەنها لەرووی یاساییەوە لەناو وڵاتێکدا پاساوی هەیە ، کە داتاشینێکی لاوەکیە بۆ سزادان و جەللادیش دەتوانێت پاساوی خۆی بهێنێتەوە "لەڕووی یاساییەوە" ، بەڵام لەرووی واقیعی و دۆزی قوربانیدان لای قوربانیەکانی کوردەکان و ناساندنی خەباتەکەیان هەرگیز لەسەرئەم حاڵەتە صەدام سزاکەی وەرناگرێت، چونکە یاساکانی عێراق زۆر لەوە بەرتەسکترن کە تاوانبار لە ئاست ئەم حاڵەتەدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ لەدادگادا.لێرەدا چەند پرسیارێکی بێ وەڵام دێنەئاراوە: یاسای عێراق لەکوێ ئەتوانێ مافی هاوڵاتیەك بسەنێت کە داوای "جیاخوازی" بکات لەعێراق لەژێرناوی دادگای تاونەکانی عێراقدا؟ چۆن دادگای عێراقی دەتوانێ مافی کەسێك بسەنێت کە لەعێراقدا جێگەی نەبێتەوە؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ داواکاری مافی چارەنوس و ئازادی هاوڵاتیەکدا دەکات؟ ئایا ئۆتۆماتیکی گەر ئەم داوا راستەقینانە بخرێنە ڕوو خێرا لایەکی عێراق و بەتایبەت زۆربەی کورد نابێتە خائین بە عێراق"لە کاتێکدا بەپێی مافەکانی مرۆڤ سادەترین داواکاری هەرمرۆڤێکە"؟ ئەی لەوە خراپتر چۆن یاساو دەستورێکی عێراقی پێی دەکرێت مافی کەسێك بسەنێت لە تاوانبارێك لەکاتێکدا ئەوکەسە "کورد" خۆی لەدژی ئەم یاسا و دەستورە جەنگابێت بۆ ئەوەی مافەکانی تیایدا بچەسپێنێت؟ ئەم پرسیارەی دوایی حەساسە و لەم کاتەدا بنەمای دادگاییکردنی عێراق هەڵدەوەشێننەوە، چونکە تا ئێستا هەمان یاسا کاری پێدەکرێت کە کورد لەدژی ئەو یاسایانە جەنگاوە و تادوێنێش بە خیانەتکار و هەربەم یاسایە تاوانبارکراوە،لەبەرئەوەی یاسای عێراقی زۆرترین پاساو دەداتە جەللادەکان بۆ بەرگری لە خۆکردن. بۆیە دادگاییکردنەکە بەڕای ئێمە تەنها بۆ کارەساتی شیعە و سوننەکان مانای هەیە نەك بۆ کوردێك کە خەباتی بۆ ماف کردبێت بۆ فەرهەنگ بۆ ناسنامە بۆ ئازادی کردبێت.

3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟

**هەردی مەهدی میکە:**

**بەداخەوە لەحاڵەتێکی زۆر خراپدا دەیبینین، نەك لەبەرئەوەی زۆر گرنگی بەم دادگاییەنادەن و روپۆشی ئەعلامی بۆ ناکەن، نەخێر بەڵکو لەبەرئەوەی زۆر گرنگی پێدەدەن، تەنانەت دادگاییکردنەکەی لاهای و دادگایی ئەو پیاوەی کە لەم دواییەدا (بەهەوڵی ناوەندی چاك) ئەنجامدرا، زۆر کاریگەرترە و زیاتر ئەتوانێ تاوانەکانی صەدام بناسێنێ، تا دادگاییکردنێکی صەدام لەناوعێراقدا.**

**ئەم باوەڕەی ئێمە لەو رەهەندەوەیە کە لە پێشتردا بەوردی رونمانکردەوە، بۆیە چاکترین کارێك کە رەوەندی کورد دەبێت بیکات ئەو هەوڵەیە کە ئەبێت بیدات بۆ دادگاییکردنی صەدام و بەعسەیکان لە دادگای نێودەوڵەتی و بەپێی یاساکانی مافی مرۆڤ، تا لەوێوە بتوانرێ مافی قوربانیەك بسەنرێ کە تەنها لەبەرئەوە کورڕاوە کە داوای مافی چارەنوسی کردوە کە مافێکی بنەڕەتیە لە مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ناوندی چاك و رەوەندی رۆشنبیری کورد لەدەرەوە بچێتە ناو جوزئیاتی دادگاییەکەوە و قسەلەسەر وتەی دادوەرێك بکات کە وتویەتی "صەدام دیکتاتۆر نیە" ، بەڵکو وام چاوەڕێدەکرد چاك و رەوەندی کورد لەدەرەوە داوای راگرتنی دادگاییکردنەکە بکەن، چونکە ناکرێت باوەڕیان بە دادگاییکردنێك هەبێت بە خودی یاساکانی صەدام دادگاییەکە بەڕێوەچێت ، ئەو یاسایانەی کوردەکان بەدرێژایی کێشەکەیان و لکانیان بەعێراقەوە گرفتیان لەگەڵ سەرجەم یاساکانی عێراقدا هەبووە. بۆیە ئێستاش دەکرێ ئەم دادگاییە ئەنجامبدرێ کێشە نیە، بەڵام لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەبێت قوربانیەکانی ئەنفال و هەڵەبجە و ئەوانی دیکە بناسێنرێن لەڕێی دادگاییکردنێکی ترەوە کە نێودەوڵەتیە، ئەگینا گاڵتە کردنە بە خودی قوربانیەکانمان بەناوی داواکردنی مافەکانیان لەم دادگاییەدا. سەرنجەکانی رەوەندی کوردی هێندە خراپن کە دەبێت بڵێم "بەداخەوەین"، ئێوە توانیتان "نزار خەزرەجی" راپێچی دادگای وڵاتی سێیەم بکەن گەر دوو سەرکردەکەی کوردنەبونایە، دادگایی ئەو کەسانە بکەن کە لەدورەوە دەستیان هەبووە لە کارەساتی هەڵەبجەدا کە دەنگدانەوەی گەورەیان هەبوو لەسەر رەوشی ناساندنی کێشەی کورد بەرەو ئەو گوتارەی کە کارەساتی قوربانیانی کورد وەك جینۆساید بناسێنێت. کەچی ئێستا هیچ هەوڵێك لەو ئاستەدا نیە تا صەدام و تاوانباران لەم مەهزەلەیە دەربێنن و بینێرنە دادگاییەکی نێودەوڵەتی تا کارەساتەکانمان کاریگەربن و زیندوبن وەك چۆن هۆڵۆکۆست لەناو جولەکەدا هەمیشە زیندوە.**

4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟

**هەردی مەهدی میکە:**

**ئەڵبەتە زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە قسەکراوە، تاڕادەیەکیش بەجۆرێك لە جۆرەکان لە دوو پرسیاری پێشودا وەڵامی ئەم پرسیارەیان هەڵگرتوە، دیارە حاڵەتی جینۆساید لەتەواوی یاساکانی مافەکانی مرۆڤ و لە تێڕوانینە**

**مرۆڤدۆستیەکان و لە دنیای نوێشدا کارێکی یاساغە، لەمەدا ئەبێت دیققەت بدەین کە تاوانی جینۆساید دیارە لەبەرامبەر کێدا دەکرێت و زۆریش گەورەترە لەهەر تاوانێکی دیکە، چونکە تاوانێکە کار لەسەر سڕینەوە و لەناوبردن و قەلاچۆکردنی رەگەزێك یان نەتەوەیەك یان گروپێك دەکات ، بۆیە لەچەند حاڵەتێکدا و بەهۆی جیاوازی کارەساتی جینۆساید لەگەڵ هەر تاوانێکی تردا و ناساندنی کارەساتەکانی کورد بە جینۆساید لە باشترین حاڵەتدا دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا:**

1- **<u>بۆ کورد</u>: وەك گەلێك کە "تایبەتمەندی و مافی تایبەتی و ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە"، دەناسرێت، چونکە لەو حاڵەتەدا کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال دەبنە "جینۆساید" گەر بوترێت صەدام تاوانی سڕینەوەی گەلی کوردی ئەنجامداوە وەك چۆن هیتلەر بەرامبەر جولەکە کردی، نەك دژی گەلی عێراق و گەلی خۆی کە ئەنجامی دادگاییکردنی ئێستە وای لێدێت. ئەمەش ئیمتیازاتی مەعنەوی گەورەی دەبێت بۆ هاوئاستکردنەوەی مرۆڤی کورد بۆ ئاستی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ماف لەڕوی داننان بە مافەکانیدا ، ئەمەش لەو روەوە کە جینۆساید پرۆسەی لە مرۆڤ خستن و لە رەگەز خستن و بێبەریکردن و مەحرومکردنی مرۆڤە لە زێد و زمان و ژینگە و ئازادی خۆی، بەڵام کە کارەساتەکە کرایە تاوانی جینۆساید مانای وایە قوربانیەکان دەتوانن مافەکانیان وەرگرنەوە و هەڵگری ناسنامەیەك بن کە بەتاوان و تۆقاندن و جینۆساید دەویسترا لێیان بسەنرێتەوە، خاڵە گرنگەکە بۆ کورد لێرەدایە. وەك چۆن بۆ جولەکە ئەم مەسەلەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە.**

2- **<u>بۆ ناوچەکە و جیهان</u>: بەعسیزم و ریشەکانی وەك بیرێکی ئایدۆلۆژی ترسناك لەسەر ئاستی جیهاندا دەناسرێ و پاشەڵ و سلبیات و مەرگدۆستی و ئەو کارەساتە گەورانەی بەسەر رەوشی مرۆڤبوونی ناوچەکەدا هێناویەتی ئاشکراتر دەبێت، کە ئەمە گەورەترین و کاریگەرترین خزمەتە بۆ دوبارە دروستکردنەوەی کەسێتی تاکی کوردی و هەڵماڵینی مەترسیەکانی سەر ئەم کۆمەڵگەیە دەبێت کە بەعسیزم لەئێستادا لەناوماندایە و خۆی حەشارداوە، باڵیکێشاوە بەسەر بیرکردنەوە و سیاسەت و هونەر و تەواوی ژیانماندا ، تەنانەت بەسەر زەوق و سەلیقە و خواردن و هەڵسوکەوتی فەردیماندا ، کە قسەکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە کات و جێگەی خۆی دەوێت.**